گەنجانی رانیە ئاوێزانی یاریەکانی مۆندیال دەبن

بەشی وەرزشی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە رۆژانە هەڵدەستێت بە پەخش کردنەوەی یاریەکانی مۆندیال بۆ گەنجانی وەرزش دۆستی شاری رانیە کە تێیدا رێژەیەکی زۆری گەنجان ئامادەی بینینی یاریەکان دەبن و بە عەشقەوە تێکەڵی مۆندیال دەبن، هاوتا لە گەڵ پەخش کردنەوەی یاریەکان پێشبرکێیەک بۆ ئەنجامی یاریەکان رێکخراوە و تێیدا خەڵات بۆ ئەو گەنجانە دابین کراوە کە پێشبینی ئەنجامی یاریەکانیان راست دەردەچێت .

ماوەتەوە بڵێن بەشی وەرزشی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە یەکێکە لە بەشە ئەکتیڤەکانی سەنتەر کە تێیدا بەردەوام چالاکی وەرزشی هەمەجۆر ئەنجام دەدات .